# دان پیانانی یاخی بوونم

عومەر جەلال
omargalal2004@yahoo.com

تەژیم لە گوومان و ئەم ژیانە یۆتۆپیا نەگریسە

وەك یاخی بوونی کوکوختیەك لە باخچە

وەك یاخی بوونی ماسی لە ئاو

وەڵێ,سەفەری من سەفەری نەورەسێکی نابینایەو بێ ئەنجامم

شادی من یەکسانە بە فرێسکی منداڵێکی بێ دایك

کە هەموو درکێکی ژیان ئازار باشی لێم کردووە

هەموو بەیانیەك خەمی من لەتەك خۆردا هەڵدێ

ئیدی چۆن یاخی نەبم

کەبۆنی من بۆنی مەرگی لێدێ

شیعری من تەنیا مردووەکان دەیخوێننەوە

کەدەبینم جوانی بەهار پێدەکەنێت بە پەژمووردە بوونی گوڵێك

ئیدی ,جورئەتی هاورێتی سروشتم نامێنێت

کە تەمەنی من بریتی بێت لە پریاسکەیەك چاوەروانی

یاخی دەبم تا دەگەمە ماڵی هەور

چ ,سەیرێکە ...........

رووبار لە دەریا یاخی دەبێت

گوڵیش لە پارکەکان خۆی زیز دەکات

پەپولەکان پەشیمان دەبنەوە لە ناسکی

ئاو تریفە رت دەکاتەوە

بەفر بەو سپێتیەوە حاشا لە ئاسمان دەکات و

باوەش بەزەویدا دەکات

نازانێت زەوی باڵی فرینمان دەشکێنێت

چۆن یاخی نەبم............

کەمنداڵی من بریتی بوو

لە هەناسەکانی پیرێك لە سەرە مەرگ دا

**پیاسە كردن بوو بە كۆلانە تاریكەكانی دۆزەخ دا**

**تێڕامان بوو لە دەریایەكی راوەستاو**

**ئاسمانێكی بێ رەنگ**

**چۆن یاخی نەبم..........**

**لە نیشتمانێكی دڵ شكاوو كۆڵانێكی دوكەڵاوی دا لە دایك بووم**

**ئەو وانانەی فێر دەكرام خاڵی بوون لە مەعریفە**

**هەموو ڕۆژێك مامۆستاكانم لە تەك دار دا تەعاروفیان پێ دەكردم**

**ئەو تەختە رەشانەی لێیان دەنووسران**

**پڕ بوون لە وێنەی ترس**

**سەرەنجامم یاخی بوونە**

**وەك دابڕانی مەزنی لە عەشق**

**وەك پێكەنین لەمرۆڤ**